# ڕۆشنگەری چییە؟



**ئیمانوێل کانت**

**و: هادی محەمەدی**

ڕۆشنگەری، ڕۆشنبینی، یانی دەربازبوونی مرۆڤ لە پێنەگەیشتوویی[٢] و لاوازی خۆیی[٣]. پێنەگەیشتوویی یانی ئەوە کە مرۆڤ نەتوانێ ئەقڵ و فامی خۆی بەکاربێنێ و ڕکێفی خۆی بە کەسێکی تر بسپێرێ.

ئەم پێنەگەیشتووییە خەتای مرۆڤ خۆیەتی، چونکە هۆکاری ئەم شتە لاوازیی ئەقڵ و فام نییە، بەڵکو هۆی ئەوەیە کە مرۆڤ لە خۆیدا هەست بە ئیرادە و بوێری ناکا و ڕکێفی خۆی بە ئەویدی دەسپێرێ. «دلێر بەو ئەقڵی خۆت بەکار بێنە!» ئەمەیە دروشمی ڕۆشنگەری.

تەمەڵی و ترسنۆکی دەبێتە هۆی ئەوە کە بەشێکی بەرین لە مرۆڤەکان، سەرەڕای ئەوەی کە سروشت سەردەمێکە پێی گەیاندوون[٥] و لە کۆنترۆڵی ئەویدی دەربازی کردوون، دیسان بە ویستی خۆیان بەدرێژایی هەموو تەمەن وەکو کۆیلە بمێننەوە و خەڵکی تر بتوانن بەئاسانی خۆیان بکەن بە سەرپەرشتیان. پێنەگەیشتوویی یانی ئاسوودەیی.

تا كتێبێك هەیە كە دەرفەتی تێگەیشتنم بۆ دەرەخسێنێ، تا كەشیشێك هەیە كە وەك ویژدانی من دەور دەبینێ و خەمەكانم دەرەوێنێ، تا پزیشكێ هەیە كە خورد و خۆراكم بۆ دیاری دەكا و... ئیدی پێویست ناكات من زەحمەت بە خۆم بدەم، ئەگەر پولم هەبێ ئیدی پێویستم بە بیركردنەوە نییە. خەڵكی تر ئەم كارە دژوارە بۆ من و (لەجیاتی من) ئەنجام دەدەن. سەرپەرشتەكان بووەی پێگەشتوویی لەبەرچاو بەشێكی زیاتر لە مرۆڤەكان (لەوانە تێكرای ژنان) بە ئاستەم و دژوار پێشان بدەن، پیلان و بەرنامەی گونجاو دادەرێژن. ئەمان پاش ئەوەی گیانلەبەرانی دەستەمۆی خۆیانیان بە باشی كەركرد، بە وردی چاودێری دەكەن كە نەكا ئەم ئاژەڵانە رەورەوەی٦ منالی، زیندانێك كە ئەوان سازیان كردووە، تێكبشكێنن. ئەوجار پێیان دەڵێن ئەگەر بە تەنیا وەدەركەون تووشی مەترسی و گرفتی گەورە دەبن، بەڵام ئەم مەترسیانە ئەوەندەش گەورە نین، چونكە مرۆڤ پاش چەند جار گلان و خلیسكان خاراو دەبێت، بەڵام بوونی نمونەیەكی سەرنەكەوتوو بەسە بۆ ئەوەی هەمووان لەم ئەزموونە بترسێنن.

بۆ هەر تاكێك بە تەنیایی زۆر دژوارە كە بتوانێ خۆی لە پێنەگەیشتوویی كە وەك سروشتی دووهەمی ئەو دەركەوتووە، دەرباز بكات. ئەو لەگەڵ ئەم دۆخە راهاتووە، خۆشی دەوێ و بەراستی ناتوانێ ئەقڵی خۆی بەكاربێنێ، چونكە هەرگیز وەها دەرفەتێكیان پێنەداوە. یاسا و رێساكان (كە پێشتر دانراون)، وزە و تواناكانی مرۆڤیان كوێر كردۆتەوە و ئەگەر كەسێكیش ئەم زنجیرانە بپچڕێنێ لەگەڵ دۆخێكی ئاڵۆزو تەماوی بەرەورووو دەبێ، چونكە ئازادی لەم دۆخە بۆ ئەقڵی ئەو شتێكی نامۆیە. كەوابوو زۆر دەگمەنن ئەو كەسانە كە توانیویانە ئەقڵی خۆیان پەروەردە بكەن و پێبگەن و پاشان بە دڵنیایی هەنگاو هەڵێنن.

بەڵام ئەگەر كۆمەڵێك٧ بتوانێ بە روشنبینی بگات، رەنگە ئەگەر ئاستەنگی بۆ سازنەكەن بە تەواوی سەردەكەوێ. چونكە هەردەم چەند كەسێكی «خۆئەندیش»٨ ـ تەنانەت لەنێوان سەرپەرشتانیش كە بۆ خەڵك دانراون ـ پەیدا دەبن كە پاش ئەوەی كۆتی كۆیلەیەتی توورەدەن، رۆحی رێزی ئەقڵانی بەهاكان و ئەنجامی زاتی مرۆڤ كە بریتییە لە بیركردنەوە، لە دەڤەری خۆیاندا پەرە پێدەدەن. سەیر ئەوەیە هەر ئەو كەسانەی كە پێشتر بە دەستی ئەم كەسانە زنجیركراون، ئەگەر ئێستا بەهۆی چەند كەس لەو سەرپەرشتانە كە هێشتا بە رۆشنبینی نەگەیشتوون هان بدرێن، ئەمان ناچار دەكەن كە هەروا لە ژێر نیری پێنەگەیشتوویی بمێننەوە. كەوابوو، بەمجۆرە چاندنی تۆوی پێشداوەری پڕخەسارە، چونكە پێشداوەری سەرئەنجام بەرۆكی خاوەنەكەی دەگرێتەوە. بەم پێیە گرووپەكان بەشێنەیی بە رۆشنبینی دەگەن. رەنگە بە شۆڕشێك دیسپۆتیزمی تاكی، زەخت و زۆری چاوچنوكانە و دەسەڵاتخوازانە برۆخێت، بەڵام لە مێتۆدی بیركردنەوەدا ریفۆرمی راستەقینە پێكنایەت و پێشداوەری نوێ لە كەنار پێشداوەری كۆن جێگیر دەبێ و دەبێتە ئامێری جەماوەری مەزنی دوور لە ئەقڵ و ئەندێشە.

بۆ گەیشتن بە رۆشنبینی هیچ شتێ پێویست نییە بێجگە لە ئازادی. ئەویش بە ئاسانترین شێوە، یانی: ئازادیی بەكارهێنانی ئەقڵ لەمەر پرسە گشتییەكان٩ بەشێوەی هەمەلایەنە. بەڵام هەردەم دەبیستم كە هاوار دەكەن بیرمەكەنەوە! سیستمێك دەڵێ: بیرمەكەنەوە! ئەزموون بكەن. بەرێوەبەری ماڵی دەڵێ: بیرمەكەنەوە! پوڵ كۆكەنەوە! كەشیش دەڵێ: ئەقڵ بەكار مەهێنن! ئیمان بێنن! (تەنیا سەروەرێك١٠ لە جیهاندایە كە دەڵێ بە ویستی خۆتان بە قووڵی و بە فراوانی بیربكەنەوە، بەڵام گوێ لە دەستوورەكان بگرن!)

هەموو ئەم شتانە ئازادی بەرتەسك دەكەنەوە، بەڵام كام ئاستەنگ رێگای رۆشنگەری دەگرێت؟ یان كام هۆكار نە هەر ئاستەنگ نییە، بەڵكو رۆشنگەری سەردەخات؟ دەكرێ بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: دەبێ هەردەم «رۆڵی گشتیی ئەقڵ»مان ئازاد بێ، ئەمە تاقە ئامێرێكە كە دەتوانێ مرۆڤ بە رۆشنبینی بگەیەنێ، بەڵام رۆڵی تایبەتی١١ ئەقڵ رەنگە بەرتەسك و سنووردار بێت، ئەمەش لەئاست گەشەی رۆشنگەری دژواری تایبەت دروست ناكات. مەبەستم لە «دەوری ئەقڵ بۆ نرخاندنی پرسە گشتییەكان» ئەوەیە كە كەسێك وەك كەسێكی «زانستخواز»١٢ لەئاست گرووپی خوێنەرانی ئەقڵی خۆی بەكاردێنێ و مەبەستم لە رۆڵی تایبەتی ئەو رۆڵەیە كە كەسێك دەتوانێ وەك بەرپرسێكی ئیداری یان مەدەنیی دیاریكراو ئەقڵی خۆی بەكاربێنێ.

بەڵام لە هەندێ پرسدا کە بۆ ژیانی گشتی سودمەندن، مکانیزمێکی تایبەت پێویستە، کە بەپێی ئەو دەبێ هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵ (بە بێ نواندنی ئیرادەی خۆیان) مێتۆدێکی پەسیڤ١٣یان هەبێ، تا حکومەت بتوانێ بە یارمەتی هاوئاهەنگی وشیارانە، ئەوان بەرەو ئامانجی گشتی ڕێنوێنی بکات، یان لانیکەم نەهێڵێ لەمپەرێك بۆ ئەو ئامانجە سازبکەن. لە وەها دۆخێکدا ئیدی بەکارهێنانی ئەقڵ پێویست نییە، بەڵکو مرۆڤ دەبێ تەسلیم بێت. بەڵام کاتێ کە ئەم کەسە، کە پاژێکە لە پێکهاتەی ئەو سیستمە، خۆی بە ئەندامێك لە کۆمەڵ بزانێ-یان تەنانەت ئەندامێك لە کۆمەڵی مەدەنی جیهانی ــ ئەوجار دەتوانێ وەك زانستخوازێك کە بەرهەمەکان بۆ کۆمەڵێکی راستەقینە دەنووسێ، ئەقڵی خۆی بەکاربێنێ و ئەو کارانەش راپەڕێنێ کە وەك کەسێکی پەسیڤ پێیان سپاردووە. کەوابوو، ئەگەر کەسێکی میلیتار کە دەستورێك لە سەرۆك وەردەگرێت، لە کاتی خزمەتدا راشکاوانە لەمەڕ ئاکام و سودمەندیی ئەو دەستورە باس و شیکاری بکات، کارێکی پڕخەسار دەکات. ئەو دەبێ تەسلیمی دەستورەکان بێت، بەڵام ناکرێ وەك کەسێکی زانستخواز لەمەڕ کێشەکانی جەنگ و میلیتاریزم قسە بکات و لەگەڵ خەڵك باسی بکات تا ئەوان داوەری لەسەر بکەن.

هیچ شارومەندێك ناتوانێ لەئاست سیستمیماڵیات سەرپێچی بکات. تەنانەت ئەگەر کەسێك لەئاست ماڵیاتدان رەخنە و نارەزایەتی دەربرێ، ئەگەر دانی ماڵیات بۆ ئەو پێویست بێت، کارێکی ناشیاو دەکاو دەبێ سزا بدرێت، بەڵام ئەگەر هەر ئەم کەسە وەك کەسێکی زانستخواز راشکاوانە رەخنە لە نالەباری و ستەمکاریی ئەم ماڵیاتە بگرێت، بەپێچەوانەی ئەرکی شارومەندی نەجوڵاوەتەوە. وەك چۆن مەلایەك دەبێ لەگەڵ فەقێکان و ئیمانداران بەپێی «بنەماکانی مەزهەب» قسە بکات، چونکە سەرەتا ئەم مەرجەی قەبوڵ کردووە. بەڵام وەك کەسێکی زانستخواز تەواو ئازادە و تەنانەت دەبێ هەموو ئەندێشەی نیازپاکانە و شیاوی خۆی لەمەڕ کەموکورتیی ئەو پرەنسیپانە باس بکات و ئەگەر پێشنیارێکی بۆ باشکردنی ئەو مەزهەب و کلیسایە هەیە، بە خەڵك بڵێت، ئەمە کارێکی شیاو و رەوایە، چونکە ئەو شتەی کە ئەو بەپێی پیشە و وەك کارگێڕی کلیسا فێری خەڵکی دەکات، خۆی بەشێوەی ئازادی و دڵخواز هەڵینەبژاردووە، بەڵکو ئەویان دیاری کردووە تا ئەو شتانە بە خەڵك بڵێتەوە. ئەو دەڵێ: کلیسای ئێمە شێوەی پەروەردەی بە فڵان شێوەیە و بنەماکانی ئەمەیە. پاشان سودمەندیی پراتیکی دەرسەکانی کلیسا بۆ فێرخوازان باس دەکات، چونکە رەنگە ئەم دەرسانە راستییەکیان تێدابێت. بەڵام ئەگەر ئەم دەرسانە شتێکیان تێدابێت کە لەگەڵ بیروبڕوای ئەو ناکۆکبن، ئیتر ناتوانێ لەڕووی ویژدانەوە درێژە بەکار بدات و دەبێ دەست لە کارەکەی هەڵگرێت.

بەمجۆرە بەکارهێنانی ئەقڵ بۆ مامۆستایەکی بەرپرس لەئاست گرووپی ئیمانداران کارێکی تایبەتیە، چونکە وەها کۆبوونەوەیەك سەرەرای بەرفراوانی، کۆبوونەوەی خەڵکی ئەو کلیسایەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کلیسا ئیتر مامۆستا وەك کەسێکی کەشیش ئازاد نییە و نابێ ئازاد بێت، بەڵکو کەسێکە کە لەلایەن دەسەڵاتی کلیساوە بەکار گیراوە تا ئەم کارە ئەنجام بدات. بەپێچەوانەوە ئەو وەك کەسێکی زانستخواز بە نووسراوەکانی لەگەڵ کۆمەڵ و لەگەڵ جیهان دەدوێ و وەك مەلایەك کە ئەقڵی خۆی لە پرسە گشتییەکاندا بەکاردێنێ، لە بەکارهێنانی ئەقڵیدا ئازادیی بێ سنوری هەیە و دەتوانێ بەناوی خۆیەوە ئازادانە قسەبکات، چونکە ئەم خاڵە کە دەبێ سەرپەرشتانی خەڵك خۆیان کەسانی پێنەگیشتوو بن قسەیەکی دوور لە ئەقڵە و پەرە بە نائەقڵانییەت دەدات، بەڵام ئایا ناکرێ گرووپێك لە کەشیشان بۆ نموونە کۆمەڵێکی کلیسایی یان کلاسیس١٤ی پلەبەرز، ئەم مافەی هەبێت تا لەنێو خۆیاندا لەمەڕ هەندێ بنەمای نەگۆڕی مەزهەبی پێکەوە سوێند بخۆن بەمجۆرە بەشێوەی بەردەوام سەرپەرشتیی هەموو ئەندامان و لە ڕێی ئەوانیشەوە هەموو خەڵك بکەن؟ من دەڵێم نا، وەها شتێك ئیمکانی نییە. پەیمانێك کە بۆ هەمیشە ڕێگەی گەیشتنی رەگەزی مرۆڤ بە رۆشنگەری ببەستێ، کارێکی پووچ و بێهودەیە، تەنانەت ئەگەر بەرزترین دەسەڵات و ئەنجومەنی قانووندانان و شکۆمەندترین پەیمانی ئاشتی پەسەندیان کردبێت. هیچ سەردەمێك ناتوانێ سوێند لەسەر یاسایەك بخوات تا سەردەمی دواتر یەخسیر بکات، بەجۆرێك کە قەت نەتوانێ دەرك و تێگەیشتنی خۆی گەشە پێبدا و هەڵەکان بسڕێتەوە و بە گشتی شارێی رۆشنگەری بگرێتەبەر.

وەها کارێك جنایەتێکە لە دژی سروشتی مرۆڤ کە لە سەرەتاوە پێشکەوتن بە شارێی ڕۆشنگەریدا وەك ئامانج و ئاکامی ئەو دانراوە و بەرەکانی داهاتووە ئەو مافەیان هەیە ئەم جۆرە بڕیارانە بە سەرەڕۆیانە و ناڕەوا بزانن و بەتەواوی تووڕی بدەن. پێوەری نرخاندنی یاسا وڕێساکان بۆ خەڵك ئەوەیە کە ئایا ئەم خەڵکە خۆیان ئەم یاسایەیان داناوە یان نا؟ بەڵام دەکرێ بۆ سەردەمێکی کورت و دیاریکراو تا پێکهاتنی یاسایەکی باشتر، یاسای پێشوو هەبێت، تا نەزم و ئاسایش بۆ شارۆمەندان و بەتایبەت کەشیشان فەراهەم بکات، بۆوەی ئازاد بن وەك زانستخواز ڕاشکاوانە، بە نووسراوەکانیان ڕای خۆیان لەمەڕ هەڵە و کەموکورتیی یاسا و سیستمی ئێستا بەیان بکەن، لە کاتێکدا کە «نەزمی باو» هەروا سەقامگیرە، دەبێ بیروڕای جیاواز لەمەڕ چۆنیەتیی بارودۆخ ئەوەندە تاقی بکرێنەوە کە بکرێ بە ڕوانگەیەکی هاوبەش (بە زۆرینەی دەنگەکان) بگەین، پاشان بەپێی ئەم ڕوانگە هاوبەشە پێشنیار بە شا بکرێت تا داکۆکی لەو کەشیشانە بکات کە لەمەڕ گۆڕینی سیستمی مەزهەبیی ئێستا ڕوانگەیەکی دروستتریان هەیە و بە هاودەنگی گەیشتوون، هەروەها نابنە لەمپەری ئەو کەسانەی کە هێشتا پێڕەوی لە یاسای کۆن دەکەن، بەڵام هاوپەیمانی لەسەر یاسایەکی مەزهەبیی نەگۆڕ کە کەس نەتوانێ لێی بەگومان بێت، تەنانەت ئەگەر وەها پەیمانێك تەنیا تایبەت بە سەردەمی ژیانی مرۆڤێکەوە هەبێت، بەتەواوی قەدەغەیە، چونکە بەدرێژایی سەردەمێك پێش بە گەشە و پشکوتنی مرۆڤ دەگرێ و بەرەکانی داهاتووش توشی خەسار دەکات. ئەڵبەت مرۆڤ دەتوانێ ڕۆشنبینیی خۆی لەمەڕ پرسەکان دوا بخات، بەڵام چاوپۆشی لە ڕۆشنگەری بۆ خۆی و بەتایبەت بۆ بەرەکانی داهاتوو، وەك پێشێلکردنی مافی پیرۆزیی مرۆڤایەتی حساب دەکرێ. ئەگەر خەڵك مافی ئەوەیان نییە یاسایەك بۆ خۆیان دابڕێژن، پادشاش وەها مافێکی نییە. چونکە پرستیژی یاسای پاشا لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئیرادەی خەڵکی لەگەڵدابێ و خۆی هێمای یەکێتیی جەماوەر بێت. ئەگەر پادشا تەنیا بۆ ئەوە تێبکۆشێ کە ئەو ڕێفورمەی بەڕێوەیە لەگەڵ نەزمی مەدەنی سازگار بێت، دەتوانێ پێڕەوانی خۆی ئازاد بکات تا ئەو شتەی بۆ ڕزگاریی خۆیان بە چاکی دەزانن، ئەنجامی بدەن. ئیدی کارێك لە ئەستۆی ئەو نییە مەگەر پێشگرتن لەو کەسانە کە بە ڕووهێنان بۆ توندوتیژی پێش بە تێگەیشتن و وشیاربوونەوەی خەڵك دەگرن. ئەگەر مەقام باڵای سەڵتەنەت نووسراوەی پێڕەوانی خۆی کە بۆ گەیشتن بە ڕای هاوبەش پێکەوە مشتومڕ دەکەن بخاتە ژێر چاودێریی دەوڵەت، تووشی زیان دەبێت. چونکە کاتێ بیەوێ ئەم کارە بکات، ڕەنگە سەرزەنشتی بکەن کە: «ڕۆشنگەران یاسا لە قەیسەر وەرناگرن»١٥ - یان ڕەنگە زیاتر کاتێ هانا بۆ وەها کونترۆڵێك ببات و دەسەڵاتی باڵای خۆی نزم و پەست بکات کە بەپێچەوانەی پێڕەوانی دیکە، داکۆکی لە دیسپۆتیزمی مەعنەویی دیکتاتۆران بکات.

ئێستا ئەگەر بپرسن ئایا بە سەردەمی ڕۆشنگەری گەیشتووین؟ دەڵێم نا. بەڵام لە سەرەتای ڕۆشنگەریداین. لەم دۆخەدا هەموو خەڵك ئەو دەرفەتەیان نییە و ناشکرێ ئەو دەرفەتەیان پێ بدرێت کە لە پرسە دینییەکاندا بەبێ ڕێنوێنیی ئەویدی بە دڵنیاییەوە ئەقڵی خۆیان بەکاربێنن. لەم بابەتەوە هێشتا ئاستەنگ زۆرە، بەڵام چەندین هێمای ڕۆشنمان لەبەر دەستدایە کە هەر ئێستا لەئاست جەماوەر زۆر دەرفەت هەموار دەبێت تا خەڵك بتوانن ئازادانە بچنە پێش و لەمپەرەکانی ڕۆشنگەریی گشتی و پێنەگەیشتوویی بەشێنەیی بسڕنەوە. کەوابوو سەردەمی ئێمە سەردەمی سەرەتای ڕۆشنگەری یان (بە وتەیەکی ڕۆشنتر) سەدەی فریدریکە١٦.

شالیارێك کە بە ئاسانی دەڵێ: من مافی ئەوەم نییە خەڵك ناچار بکەم کار و ئەرکی مەزهەبی ئەنجام بدەن، بەڵکو خەڵك لەو پرسانەدا ئازادن، پادشایەك کە ناوی بەرزی خاوەن تولێرانس لە خۆی نانێت و ئەو شتە ڕەت دەکاتەوە، بە ڕاستی پادشایەکی ڕۆشنبینە و شایانی ئەوەیە کە خەڵکی جیهان و بەرەکانی داهاتوو بەمجۆرە ستایشی بکەن کە ڕەگەزی مرۆڤی ـلانیکەم لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆیداـ لە کۆیلەیەتیی دەروونی ڕزگار کردووە و ئازادیی بە هەموان داوە تا لە هەموو پرسێکی ویژدانیدا ئەقڵیان بکەن بە سەرپشك.

لە سەردەمی وەها میرێکدایە کە ئاییندارانی پلەبەرز دەرفەتیان پێدراوە تا وەك زانستخواز بە بێ ئەوەی ئەرکی پیشەییان خەوشدار ببێت، بە ئازادی و بە ئاشکرا لە هەموو شوێنێك ڕوانگەی خۆیان کە لەگەڵ بنەماکانی دین ناکۆکە، بۆ هەموو خەڵکی دنیا باس بکەن، تا بە پێوەری ڕەخنە بنرخێندرێن. لە پێش کەشیشاندا ئەم

مافه به کەسانێك دراوه که ئەرکی پیشەیی دەست و پێیان نابەستێ. ئەم رۆحەی ئازادیی هەرێمی دەرەوەش دەگرێتەوه، تەنانەت ئەو شوێنانەش که له ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی ناکارامەدایه. چونکه لەبەرچاوی وەها دەوڵەتێك نمونەیەکی رۆشن ئاراسته دەکرێ که ئەگەر ئازادی هەبێت هیچ نیگەرانییەك هەرەشه له تێکدانی یەکێتیی نەتەوەیی و نەزمی گشتی ناکات. ئەگەر مرۆڤەکان به ئەنقەست ناچار نەکرێن له بێئەقڵیدا بمێننەوه، بەشێنەیی ئاقڵ و وشیار دەبنەوه.

من لەمەڕ رۆشنگەری زیاتر له هەر شتێ، گرنگیم به «دەربازبوونی مرۆڤ له پێنەگەیشتوویی و لاوازیی ئەقڵی خۆی له بواری پرسه دینییەکان دا» داوه، چونکه دەسەڵاتدارانی ئێمه له بوارەکانی دیکه، وەك بواری زانست و هونەر، نایانەوێ رۆڵی سەرپەرشت بگێڕن، هەروەها پێنەگەیشتوویی له بواری دینیدا له هەر جۆره پێنەگەیشتوویی دیکه زەبوونەنانەترو پڕخەسارتره، بەڵام میتۆدی ئەندێشەی سەرۆکی حکومەتێك که له بواری دینیدا رۆشنگەری پەره پێدەدات له هەموو ئەم شتانه سەرتر دەچێ و به باشی دەزانێ که تەنانەت له بواری یاسادانانیشدا ئەگەر دەرفەت به پێڕەوانی خۆی بدات که به ئەقڵی خۆیان له پرسه گشتییەکان بکۆڵنەوه و لەمەڕ میتۆدی باشتری یاسادانان، تەنانەت نرخاندنی راستگۆیانەی یاساکانی سەردەم، لەگەڵ خەڵکی دنیا هاوفکری بکەن، مەترسییەکی نییه. نمونەی دەگمەن و شایانی ستایشی وەها پادشایەك، پاشای خۆمانه که لەم پرسەدا پێشەنگی هەموو پاشاکانه.

بەڵام تەنیا کەسێك دەتوانێ بڵێ: ئەقڵتان بەکاربێنن! به ویستی خۆتان به قووڵی و به فراوانی بیربکەنەوه، بەڵام گوێ له دەستوورەکان بگرن! - تەنانەت دەسەڵاتێکی کۆماریی ئازادیش ناوێرێ وەها شتێك بڵێت ـکه خۆی رۆشنبین بێ و له تارماییەکان نەترسێ و هاوکات بۆ پاراستنی نەزمی گشتی ئەرتەشێکی رێکخراو و بێ ئەژماری هەبێت.

لێرەدا پرسەکانی مرۆڤ رەوتێکی نائاسایی و چاوەڕواننەکراو دەگرێته خۆی، که ئەگەر به وردی سەیر بکرێ هەموو شتێکی له ناکۆکی دایه.

وادەنوێنێ که ئاستێکی زیاتری ئازادیی مەدەنی بۆ ئازادیی رۆحی خەڵك ـبەپێچەوانەی ئەوەی که سنورێکی نەگۆڕ بۆیان دیاری دەکات ـ سودمەند بێت و ئاستێکی کەمتر، وەها فەزایەکیان بۆ بخولقێنێ که هەموو تواناکانیان بپشکوێن. پاشان کاتێ که سروشت ئەو تۆخمەی که لەژێر ئەم پێسته سەختە (له پەنای ئەرتەشی رێکخراو و بێ ئەژماری پارێزەری نەزمی گشتی) به میهرەبانی پەروەرده دەکات، یانی هۆگری و ویستی دەروونی مرۆڤ به ئەندێشەی ئازاد سەمەردار بکاو بیپشکوێنێ، ئەمه خۆی بەشێنەیی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خەڵك کاریگەری دەبێ (له ئاکامدا خەڵك بەردەوام بۆ رۆشتن بەرەو ئازادی تواناتر دەبن) سەرئەنجام لەسەر بنەماکانی دەوڵەتیش کاریگەر دەبێ که ئیتر بەو ئاکامه دەگات، که لەگەڵ مرۆڤ، که ئێستا له ماشێن۱۷ سەرتره، بەجۆرێك مامەڵه بکات که شایانی ئەو بێت.


**<u>سەرچاوە:</u>**

روشن نگری چیست؟، ترجمه سیروس ارین پور، نشر اگه، تهران ۱۳۷۷، صص ۱۵-۲۷.

Immnuel Kant: was ist Aufklarung? Aufsatze zur Geschichte und philosophie. .Hrsg. Und eingel. Von Jurgen Zehbe. Gottingen 1967


(Footnotes)

1 ئەم بابەته وتارێکی هەره بەناوبانگی کانته که دیسامبری ۱۷۸٤ له گۆڤاری برلینیشه موناتسێشریف چاپ کراوه.

2 unmundigkeit

3 selbstverschuldet

4. (sapere aude»") (ئەم وتەیە لە بنەرەتدا هی هوراس (٦٥-٨ پێش زایین) شاعیر و ئەدیبی رۆمییە کە دەڵێ: «دلێر بە لە پێناو زانست و وشیاریدا»، گرووپی لایەنگرانی هەقیقەت کە ساڵی ١٧٣٦ بە مەبەستی گەشەپێدان بە فەلسەفەی لایبنیتز- ڤۆڵف دامەزرا ئەم وتەیەی هوراسی کرد بە دروشمی خۆی.

5. (naturaliter majornnes) یانی لە رووی جەستەییەوە مەزن و پێگەیشتوون، بەڵام لە رووی فکرییەوە مناڵ و پێنەگەیشتوون.

6. (Gangelwagen) شتێك لە چەشنی رەورەوە کە مناڵان لەودا فێری رێگە رۆشتن دەبن.

7. (publikuum) لەئاست (individuum، بە مانای گرووپێك لە مرۆڤەکان لە هەرێم یان وڵاتێکدا. یوهان کریستۆف ئادلۆنگ ئەم چەمکەی ئاوا پێناسە کردووە: ١) ئاپۆرەی ئەو کەسانەی کە لە شوێنێکی گشتیدا کۆبوونەتەوە٢) هەموو خوێنەرانی نووسەرێك٣) هەموو هاوچەرخان کە لەگەڵ ئێمە دەژین.

8. (selbstdenkend) یەکێ لە چەمکە گرنگەکانی ئەم وتارەی کانتە. مەبەست ئەو کەسانەیە کە لە یاسا و رێساکان کە پێشتر دانراون پێڕەوی ناکەن و بە بەکارهێنانی ئەقڵی خۆیان و بە «خۆئەندێشی» کە ئاکامی زاتی مرۆڤە، لە پرسەکانی جیهاندا رۆشنگەری دەست پێدەکەن.

9. Der offentliche gebrrauch seiner vernunft، (یانی جۆرێك رۆڵی ئەقڵ کە مرۆڤێك «وەك خۆی» و وەك زانستخوازێك لە بەرانبەر گرووپی خوێنەرانی بەکاری دێنێ).

10. مەبەست فریدریکی مەزن ئەمپراتۆری پرۆسە.

11. Privatgebrauch (یانی جۆرێك رۆڵی ئەقڵ کە کەسێك وەك بەرپرسێك – بۆ نموونە وەك ئەفسەر کارمەند یان کەشیش - بەکاری دێنێ).

12 Gelehrter

13 passive (

14. (klassis ئەنجومەنی کلیسا لە هۆڵەندا کە دەتوانێ لە بواری مەزهەبیدا یاسا دابنێت.

15 Caesar non est supra Grammaticos

16. ئاماژە بەوە دەکات کە رۆشنگەری لە سەردەمی دەسەڵاتی فریدریکی مەزندا پەری سەندووە.

17. ئاماژە بە ژۆلین دولامتری (٥١-١٧٠٩) و بەرهەمەکەی بەناوی مرۆڤ – ماشێن (Lhomme-machin) دەکات.